## ئێران - کەرەج

## شەش زیندانیی سیاسیی کورد لە ئێران:

## بەردەوام دەبن لە مانگرتنەکەمان

شەش زیندانیی سیاسیی کورد لە زیندانی قزڵحیساری شاری کەرەج 44 رۆژە مانیان گرتووە لە خواردن و رادەگەیەنن کە بەردەوام دەبن لە مانگرتنەکەیان.

شەش زیندانیی سیاسیی کورد: (**جەمشید و جەهانگیر دێهقانی، حامید ئەحمەدی، سەدیق محەمەدی، کەماڵ مەولایی و سەیدهادیی حوسەینی**) لە رۆژی 13ی گەڵارێزانەوە دەستیان کردووە بە مانگرتن لە خواردن و ئێستا باری تەندرووستیان بەرەو مەترسی دەچێت و **دادوەر (نەسیری پور)**یش هەڕەشەی لێکردوون کە ئەگەر بەردەوام بن برِیاری ئیعدامکردنتان زووتر لە کاتی دیاریکراو جێبەجێ دەکرێت. لە بەرانبەردا ئەو شەش زیندانییە وڵامیان داوەتەوە کە: **"برِیارەکەتانمان قبووڵ نیە. چون بێ بنەما و ستەمکارانەیە".** هەربۆیە دەبێ برِیارەکە هەڵبووشێتەوە و بمانگەرِێننەوە بۆ زیندانی گەوهەردەشت و ئەگینا بەردەوام دەبین لە مانگرتنەکەمان.

ئەم زیندانییانە دوای ئەوەی لە لایەن حکومەتەوە برِیاری ئیعدامیان بۆ دەرچووە و رێگەشیان پێ نەدراوە پارێزەر بۆ خۆیان دەستیشان بکەن لەبەرانبەردا وەک نارِەزایەتی دەبرِین مانیان گرتووە لە خواردن. هەفتەی رابردوو رێکخراوی لیبوردنی نێودەوڵەتی بە دەرکردنی بەیاننامەیەک داوای کرد هەنگاوی بەپەلە هەڵبگێرێت بۆ نەجاتی گیانی ئەو شەش زیندانیە.

پێویستە بوترێ دوای هەڵبژاردەکانی مانگی حوزێرانی رابردوو کە بووە هۆی هاتنە سەر حەسەن روحانی، رێژەی ئیعدامکردن لە ئێران زیادی کردووە  کە ژمارێکی بەرچاو لە ئیعدامکراوەکان زیندانیی سیاسی بوون.

م.ز

17/12/2013